## کوژراو و بریندار بوونی ٢٢٠ کەس لە ئاکامی تەقینەوەکانی شاری کەرکوکدا

تەقینەوەکانی شاری کەرکوک کوژران و بریندار بوونی لانیکەم ٢٢٠ کەسی لێ کەوتەوە.
بەپێی دوایین ئاماری رەسمیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دێموکراتی کوردستان و هەروەها لێدوانی »نەجمەدین کەریم«، پارێزگاری کەرکوک بۆ میدیاکان ئەو دوو تەقینەوەیە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ کوژراو و نزیکەی ٢٠٠بریندار لێ کەوتۆتەوە.
پارێزگاری کەرکوک دەڵێ پێدەچێ ژمارەی کوژراوەکان لەوە زیاتر بن، چونکی پێدەچێ هێشتا کەسی دیکە لەبن وێرانەکاندا مابن کە دەبێ دەبهێندرێن.
بەیانیی ڕۆژی سێسەممە، ٢٧ ی بەفرانبار سێ تەقینەوەی جیاجیا شاری کەرکوکیان هەژاند و تەقینەوەی دووەم، کاروانی بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردە ئامانج کە تێیدا بەرپرسی لق «محەممەد کەمال» بریندار بوو. لەو پەلامارەدا سێ کەس لە یاوەرانی محەممەد کەماڵ کوژران و ١٧ کەسی دیکەش بریندار بوون. هەر لەو تەقینەوەیەدا، زیاتر لە ١٥ ئۆتۆمبیل سووتاون و زیانێکی ماددیی زۆری بەر ناوچەکە کەوتوە.

که داوێنی حکوومەتی عێراقیان گرتۆتەوە، چەند باسی سەرەکیی ئەو دانیشتنە بوون.
سەردانی هەیئەتێکی حدک لە

## سەردانی هەیئەتێکی حدک لە مەڵبەندی ٢٤ ی ڕاپەڕینی ی ن ک لە ڕانیە



**کوردستان و کورد نیوز:** هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەڵبەندی ٢٤ ی ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەی کرد.
هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەماڵ کەڕیمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ بەخێرهێنانی بەرپرسی مەڵبەندی ٢٤ ی ڕاپەڕین سەردانی ڕانیەی کرد و لەلایەن عەدنان حەمەی مینە، بەرپرسی مەڵبەند و ئەندامانی مەڵبەندەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.
لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دوولایەن بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشی کوردستانیان تاوتوێ کرد و هەروەها لە هەواڵی بارودۆخی سلامەتیی مام جەلال پرسیار کرا کە لەلایەن هەیئەتی خانەخوێیەوە هەواڵی دڵخۆشکەر لە بابەت بەرەوباشتر بوونی بارودۆخی بەڕێز مام جەلال و جێگریی سلامەتیی بەڕێزیان بە هەیئەتی میوان درا.

## سەردانی نوێنەرایەتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر

**کوردستان و کورد نیوز:** نوێنەرانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە هەولێر پێکەوە کۆبوونەوە.
ڕۆژی سێ شەممە ، ١٩ی بەفرانبار هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە هەولێر بە سەرپەرستی بێهروز ئەردەلان و هاوڕێیەتی هیوا بەهاری، کادری نوێنەرایەتییان لە هەولێر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد لە لایەن برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.
لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا، زۆر پرس و بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و قەیرانەکانی ئێران و گۆڕانکارییەکانی ناوچە خرانە بەر باس و ئاڵوگۆری بیروڕایان لە سەر کرا.
پێوەندیی دۆستانەو لەمێژینەی حیزبی دێمۆکرات و سازمانی خەبات، پێویستیی لێکنێزیک بوونەوەی هێزەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەخێراکانی ناوچە، وەزعییەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و پرش و بڵاویی ئەوان بە سرنجدان بە دید و هەڵوێستیان بە نیسبەت کێشەو داوا نەتەوەییەکانی کورد و بارووودۆخی هەستیاری ئێستای هەرێم و سەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵە قەیرانانەی



مەڵبەندی ٢٤ ی ڕاپەڕینی ی ن ک لە ڕانیە

## چاوپێکەوتنی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە پارلمانی بریتانیا

هەیئەتێکی کونفرانسی پارتە کوردستانیەکان، لە پارلمانی بریتانیا چاویان بە هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی کرێکاری بریتانیا کەوت.
سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە، ١٩ ی بەفرانبار هەیئەتی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان چاویان بە « ئین لۆکۆس» وەزیر لە کابینەی سێبەر بۆ کاروباری ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوین وەهەروەها خاتوو جۆ بلینگهام ،بەرپرسی نێونەتەوەیی حیزبی کرێکار و هەیئەتی یاوەریا کەوت.
لەم کۆبونەوەیەدا پاش باسێکی تێر وتەسەل لەسەر هەرچواپارچەی کوردستان، کێشەکانی مالیکی لەگەڵ حکومەت و گەلی کورد لە باشووری کوردستان و هەروەها دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ئەم وڵاتە و بارودۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەت پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی کورد لە ئێران لەگەڵ هەیئەتی خانەخوێ هاتنە بەر باس و لە سەر ئەو بابەتانە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.
لەو دیدارەدا بە تایبەت باس لە مەترسیی لە داردرانی دوو بەندکراوی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی لە چەند ڕۆژی داهاتوو دا کرا و داوا لە هەیئەتی بریتانی کرا کە بە هەموو شێوەیەکی زەخت و گوشارەکانیان بۆ سەر ڕژیمی ئێران زیاتر بکەن بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە هەڵوەشیننەوە.
تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە باس لە جێگەو پێگەی کورد و رۆلی کورد لە ناوچەکەدا و کورد لە سوریە و داهاتووی ئەو وڵاتە دا بوو.
گرتنی کنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ کوردان و جێگەو پێگەی کورد لە داڕشتنەوەی خەریتەی سیاسی ڕۆژهەلاتی نێوەراست لەداهاتوو دا تەوەرێکی تری دیدارو چاوپێکەوتنەکە بوو، کە هەردووک لا زۆر بە گرینگییەوە باسیان لەو پرسە گرینگە کرد.
شایانی باسە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مەولود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی کۆنفرانسی پارتە کوردییەکان لەو دیدارە لە پارلمانی بریتانیا بوو.



## سەردانی هەیئەتی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

هەیئەتێکی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو ڕاپرسییەکی هەمە گیرەوە، هەیئەتی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان، پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو و



وڵاتەیان کرد.
ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ ی بەفرانبار هەیئەتێکی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان بۆ پشتگیری کێشەکانی کورد لە سووریە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایان کرد. هەیئەتی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان کە مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکڕتی کوردستان لە بریتانیا یەکێک لە بەشدارانی بوو، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار بە کاروباری سووریە لەوەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دانیشتنێکیان پێک هێنا و لەپێوەندی لەگەڵ کیشەکانی کوردو و کەموکوڕی و گوێنەدان بەویست داخوازییەکانی کورد و پشت گوێ خستنی کێشەکانی ئەو گەلە، کە بەشێکی گرینگ لە پێکهاتەی سوریە پێک دینن قسە و باسیان کرد.
بەشی سەرەکیی باسەکانی ئەو دانیشتنە بۆ ڕۆڵ و کاریگەری و جێگەی پێگەی کورد وەک نەتەوەی دووهەم لە داهاتووی ئەو وڵاتە و بەشداریان لە حکومەتی داهاتوو تەرخان کرا و بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە بۆ باس لە سەر کەمەنەتەوە و ئایینزاکانی دیکە تەرخان کرا کە لە ئێستا دا لە سووریە دەژین و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوویان بەدی ناکرێ. لەبارەی هەڵبژاردن و دیاری کردنی جۆری دەسەڵات لە داهاتووی سوریە دا لە ڕێی هاوکات ڕایگەیاند کە کورد هیچ کات مل بۆ هەلبژاردنی سەرانسەری نادا، چونکی ڕێژەی کورد و کەمە نەتەوەکانی دیکە، لە نەتەوەی عەرەب کەمترن و بەو پێوانەیە کورد و نەتەوەکانی تر زەرەمەند دەبن و ئەوکات دەبێ وەک خەڵکی سوریە بژین و ناتوانن باسی مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن.
لەپیوەندی لەگەڵ یارمەتیی ٦٨ میلیون پۆندی کە لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا بە سووریە کراوە، گلەیی و گازندە ئاڕاستەی کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کرا و باس لەوە کرا کە ئەو یارمەتیانە نەگەیشتونەتە خەڵکی کورد لەسووریە و ئەوان بێ بەشن لەو هاریکاریانەی کە لە لایەن حکوومەتی بریتانیا و تەنانەت وڵاتانی دیکەشەوە پێشکەش بە گەلی سوریە کراوە.
هەر لە درێژەی باسەکان دا پێشنیاری ئەوە کرا کە پێویستە دەوڵەتی داهاتووی سوریە جیاوازی هەبێت و کورد و نەتەوەکانی تریش مافی وەک یەکیان هەبێت لە دارشتنەوە و بەڕێوەبەری دەسەڵات دا چ لە ناوەند و چ لە ناوچەکانی خۆیاندا.
شایانی باسە کە مەولود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا یەکێک لە بەشدارانی ئەم دانیشتنە بوو.

کەمایەسییەکی گرینگ زانی.
بەریزیان تەئکیدی کرد کە یەکیەتیی ئوروووپا بە بایەخەوە دەڕوانێتە تێکۆشانی هەواڵنێرانی

## دیداری نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروووپا لەگەڵ ماریتا سخاک، نوێنەری پاڕلمانی ئوروووپا



نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروووپا لەگەڵ ماریتا سخاک، نوێنەری پاڕلمانی ئوروووپا کۆبۆوە.
دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ ی بەفرانبار، بەرامبەر لەگەڵ ٩ی ژانویەی ٢٠١٣، کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوروووپا لەگەڵ ماریتا سخاک ئەندامی پارڵمانی ئوروووپا لە سەر لیستی هۆلەند دیدارێکی پێک هێنا.
نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم دیدارەدا وێڕای سپاس بۆ هەوڵە بەنرخەکانی خانمی سخاک بۆ داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین و ڕاگەیاندنی ئازاد بە گشتی و مەسەلەی ڕاگەیاندن لە ئێران بە تایبەتی، ئاماژەی بە بارودۆخی نالەباری ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و بلاگێرەکانی نێو ئێران بە گشتی و کوردستانی بە تایبەتی لەو چەند ساڵەی دوایی کرد.
کاوە ئاهەنگەری هەروەها باسی لە رۆڵی میدیا لە داهاتووی ئێران و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگای نێودەولەتی لە ڕووداوەکانی نێو ئێران کرد و پێی وابوو کە پێویستە یەکیەتیی ئوروووپا ئاورێکی زیاتر لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و میللی دیموکراتیکی گەلانی ئێران بداتەوە.
خانمی ماریتا سخاک وێڕای تەئکید لەسەر گرینگیی ڕۆڵی میدیای ئازاد و هەواڵنێران لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەراست کە ئاوێتەی گۆڕانن، باسی لە پێویستیی ئاگاداربوونی کۆمەڵگای نێودەولەتی لە ڕووداو و باردۆخی سیاسی و پیشهاتەکانی ئەو وڵاتانە کرد و لە لایەکی دیکە نەبوونی مکانیزمێکی هاوکاری لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی بە نێوخۆ و دەبێ هەوڵ بدرێ نەوەی نوێ زیاتر بە دنیای ئازاد پێوەند بدرێ و سەرەکیترین ڕێگاش میدیا و دنیای مەجازییە.

ئەحمەدی، بەرپرسی بەشی پەیوەندییە کوردستانیەکانی حیزب لە وڵاتی سویس پێشکەش کرا کەتێیدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تێرۆرە، تێرۆری

## بەشداریی ئەندامانی حدک لە خۆپیشاندانی کوردستانیان لە سویس دژ بە تێرۆرەکەی پاریس



ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویس بەشدارییان لە خۆپیشاندانێکدا کرد کە بۆ مەحکووم کردنی تێرۆری سێ چالاکی ژنی کورد پێک هاتبوو.
کوردانی دانیشتووی سویس ڕۆژی هەینی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە تێرۆری سەکینە جانسز، ڤیدان دۆغان و لالە سۆیلەمێز، سێ خاتوونی سیاسیی کورد خۆپیشاندانێکی بەربڵاویان وەرێ خست.
لەم خۆپیشاندانە دا کە بەبەشداریی سەدان کوردی چوار پارچەی کوردستان لە گۆڕەپانی هەلڤەتیە پلاتس بەڕێوەچوو، نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسیەکان وتار و پەیامی خۆیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە و لەلایەن بەشدارنەوە بە دانی دروشم ئەو جیناتەیە مەحکووم و داوا لە فەڕانسە کرا کە بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە ئاشکرا بکا.
شایانی باسە لەو خۆپیشاندانە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن ماموستا عەزیز ڕێبەرانی شەهیدمان لە وین و برلینی وەبیر بەشداران هێنایەوە

